# خاتوو د. رایس

(خانمە رەشەکەی کۆشکی سپی)*

*سەردار عەزیز/ کۆلێژی سیاسەت*

کۆندەلیزا رایس یان د. رایس، ئەو خانمە رەش پێستەیە کە بۆ چوارساڵی داهاتوو وەزیری دەرەوەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێت. بە هێزترین ئافرەت لە دونیادا خاوەنی چیرۆکێکی سادەنیە، رەنگی ئەوو رەنگی کۆشکەکەی دەسەلات لەیەک ناچن، بۆیە لە کاتی دانیشتنەکانی کۆنگریس-دا بۆ بەرەسمی ناساندنی ئەو وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن کەیری، کاندیدای دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی پێشوودا ووتی، من سەری رێز بۆ سەربوردەی ژیانت دائەنوێنم. رایس کە لە تەمەنی پانزەساڵیا چوە زانکۆی دێنیڤەر بە هیوای ئەوەبوو ببێتە پیانۆ ژەن. بەڵام هەرزوو بۆی دەرکەوت کە ئەو ناتوانێ ببێتە مۆسیقاژەن. ئیتر کەوتە گەڕان بەدوای ئەوەی بزانێ چی بکاتە بابەتی سەرەکی خوێندنی، (لە زانکۆکانی ئەمریکا خوێندکار بابەتێکی سەرەکی هەیە لە گەڵ چەند بابەتی تردا کە پەراوێزین). ئەدەبی ئینگلیزی تاقیکردەوە بەلام هەر زۆرزوو رقی لێبووەوە، پاشان گواستیەوە بۆ بەرێوبردنی حکومەت بەلام ئەویشی بەدڵ نەبوو. نەیتوانی لەگەڵ هیچ بابەتێکدا بگونجێ تا جۆزێف کۆربڵی بینی. کۆربڵ دیپلۆماتێکی پێشوی وولاتی چیک بوو، بەلام لە رۆژانی جەنگی جیهانی دووەم وەک زۆربەی جولەکەکان لەدەست نازیەت و کۆمیونیزم لەوولاتی خۆی هەلاتبوو، لەزانکۆی دێنیڤەر راگری بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بوو. کۆربڵ باوکی مادلین ئۆلبرایت-ە کە یەکەم ژن بوو پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای پێ بسپێردرێت. رایس لە بارەی کۆربلەوە دەڵێت، پیاوێکە جێی شانازی پێوەکردنە. بەراستی من شانازی پێوەئەکەم. بەهۆی ئەوەوە من لەم ناوەندەدام. زۆرم حەز لە کۆرسەکەی بوو. وەک مامۆستایەکیش خۆشم ئەویست. ئەو بە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتی ناساندم، بە هەمووشتێکی یەکێتی سۆڤیەت.

لە تەمەنی 19 ساڵیا رایس زانکۆی دێنیڤەری بەجێ هێشت، بەرەو زانکۆی نۆتردام کەوتەرێ. لەوێ نامەی ماستەری وەرگرت، پاشان گەرایەوە بۆ دێنیڤەر تا نامەی دوکتوراکەی بنوسێ. لە تەمەنی 26 ساڵیدا لە زانکۆی ستانفۆرد بوبە پرۆفیسۆری یارمەتیدەر. هەشت ساڵ دوای ئەوە بۆ یەکەم جار هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە دەستەی راوێژکاران ئاسایشی نەتەوەیی. رایس لە بۆشی باوکەوە نزیک بوو، تا جارێک بۆش ووتبووی هەموو زانیاریەکانم دەربارەی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆندەلیزە-وەیە.

رایس تاقە کچی باوک و دایکێکی ئەکادیمین. باوکی قەشەو دایکی مامۆستای مۆسیقا بوو. لە هەمانکاتدا هەردوکیان پرۆفیسۆری زانکۆبوون. رایس لە 14 نۆڤەمبەری ساڵی 1954 لە دایک بووە. ناوی کۆندەلیزا لە نۆتەیەکی مۆسیقی ئیتالیەوە وەرگیراوە کە کۆندۆلسیزایە وە بە مانای "لە گەڵ شیرینیدا" دێت. هەرچەندە لە ناوڵی باشوری ئەمریکادا گەورەبووە وە باشوری ئەمریکا بە توندوتیژیە رەگەزپەرستیەکان ناسراوە. بەلام رایس بروای وایە رزگاربوون لە رەگەزپەرستی لە رێی کاری زیاترو هەوڵی جیدیەوە دێ. وەک جارێک لە چاوپێکەوتنێکا لەگەڵ نیکۆلاس لیماندا ووتی،"هیچ کاتم نیە بۆ ئەو رەش پێستانەی کە بەردەوام ئەبۆڵێنن". بەلام لە هەمانکاتدا زۆربەئاگایە لە کێشەی رەگەزپەرستی، هەرکاتێک بەتوشیەوە بێت، بەبێ یەک و دوو لێکردن لە بەرامبەریا ئەوەستێ. وەک ئەگێرنەوە لە رۆژانی مامۆستایەتی لە زانکۆی سانفۆرد کاتێک رایس لە فرۆشگایەکی گرانبەهای زەرنگەریدا بازاری ئەکرد لەلایەن یەکێک لە شاگردەکانی فرۆشگاکەوە لە بەر رەنگی پێستی سوکایەتی پێکرا، بەلام رایس لێی بێدەنگ نەبوو، هەر لەوێدا لێی هاتەدەم و بە شاگردەکەی گووت ، با بەرونی بۆت بەیانکەم، تۆ لە پشتی ئەو مێزەوەی وە سەعاتی بە شەش دۆلار ئیش ئەکەیت بەلام من لێرەم شتی گرانبەها هەڵئەبژێرم چونکە بەئاسانی زۆر زیاترم لە تۆ دەستئەکەوێت. بەلام ئەم شێوازە لە رووبەرووبونەوە لە گەڵ کێشەیەکی سەختی وەک رەگەزپەرستی جۆرێکە لە راکردن یان خۆهەڵخەڵەتاندن. کاتێک رایس داوا لە ئەوانی تر ئەکا کە هەوڵی زیاتر بدەن زۆر لەوە بەئاگایە کە بە ملیون رەش هەیە لە سەرتاپا ژیانیا دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵناکەوێ تا هەوڵ بدات. چانسی رەشێک لە ئەمریکا زۆرلەوە زیاترە بچێتە بەندیخانە تا زانکۆ، چونکە ژمارەی ئەو رەشانەی کە لە بەندیخانەدان زیاترن لەو رەشانەی لە زانکۆن.

رایس نزیکترین کەسە لە سەرۆک بۆشەوە، وەک شاون باولەر مامۆستای زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ریڤەرساید لە کالیفۆرنیا دەڵێ، زۆرگرانە کەسێکی تر بدۆزیتەوە بەو نزیکیەوە لە بۆشەوە. کۆندی وەک هەندێ جار پێی دەناسرێ، زۆربەی کاتی لەگەڵ خێزانی بۆشدا بەسەرئەبات، هەتا جارێکیان لەدەمی دەرچوو بۆشی وەک مێردی ناوبرد. زۆر لە

کۆمێتەرە سیاسییەکان ئەوەیان بە لەزار دەرچونێکی فرۆیدیانە لێکدایەوە، بەڵام لە دوائەنجامدا تەنها دەلالەت لە زۆرنزیکی و تەبایی هەردوکیان ئەکات. بەبوونی رایس بە وەزیری دەرەوە، یەکێک لە تەنگەبەرەکانی بەردەم داڕێژەرانی سیاسەتی نوێی ئەمریکا لائەچێ. کۆلن پاول، وەک وەزیری دەرەوە لەگەڵ دەستەیەکی تر لە وەزارەتی دەرەوە هەردەم تێروانینەکانیان لەگەڵ پەنتاگۆن و کۆشکی سپیدا توشی پێکدادان ئەبوو. پاول سەر بە قوتابخانەی ریالیست، ریالپۆلیتیک، یان قوتابخانەی کیسینجەر لە سیاسەتی دەرەوە، کە بەلایەنەوە ئەو شتە یان بارودۆخە باشە کە خزمەتی ئەمریکا ئەکات، ئیتر گرنگ نیە ئەو بارودۆخە چیە، چۆن چۆنیە. بۆیە پاول لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ جاک سترۆی وەزیری دەرەوەی بەریتانیادا دەستەی پەنتاگۆن و کۆشکی سپی، یان پارێزەرەنوێکان بە تاقمی لە شێت ناوئەبات. بەڵام پەیام و شێوازی پارێزەرەنوێکان لەوەدا جیایە کە ئەمان وایان پێباشە دونیا سەرتاپا وەک ئەمریکای لێبێت و بەهاکانی ئەمریکا ببنە تاقە بەهای جیهان. هەروەها پارێزەرەنوێکان بروایان وایە تەنها بە ئەمریکابوونی دونیا سەقامگیری لە دونیادا بەرپادەبێت. لە گەڵ دووەم دەورەی سەرۆک بۆش ئەو بە ئەمریکاییبوونەی دونیا لەژێر ناوی "ئازادیا" بەرێوەئەچێ. ئازادی یانی چی، بە تایبەت لە ئەمریکا یانی چی؟ لە سەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا هەردولا بانگەشەی ئازادیان ئەکرد؛ باشوریەکان کە کۆیلەیەتیان بە رەوا ئەزانی، (رایس خەڵکی ئەلەبامایە، کە شارێکە لە باشور) لە دژ بە باکوریەکان کە کۆتایی کۆیلەیەتیان پێباش بوو. رایس دەبێ لەوە ئاگاداربێت ئەو رۆژانەی کە ئەوی تیاگەورەبوو ئەو چ وەک رەشێ چ وەک ئافرەتێ مافی دەنگدانی نەبوو.
رایس هەرچەند لە تاقمی پارێزەرە نوێکان نیە، کە لە ناسراوترین ئەندامانی، پۆل وولفەوایتز، ئارمیتاج، چینی و ئەوانی ترن، بەڵام ئەتوانین رایس وەک کەسێک لە ناوەندا دابنێین. هەرچەندە جارێک رایس خۆی وەک کەسێکی سەربە قوتابخانەی کیسینجەر ناساند بەڵام هەرزوو لێی پەشیمان بووەوە. ئەو پرسیارەی ئەمرۆ لەناوەندە سیاسیەکاندایە ئایا رایس ئەتوانێ وەزارەتی دەرەوە بهێنێتەوە ژێرکێفی بەرێوبەرایەتی بۆشەوە؟ ئەگەر رایس لە کارێکی وا سەرکەوتوبێت ئەوا ئەم بەرێوبەرایەتیە ئەبێتە  ئەو بەرێوبەرایەتیەی کە لە هەموو بەرێوبەرایەتیەکانی تری پێشو یەکگرتووترو، لەیکچووترو، هاوبیرتر. بەڵام کەس کارێکی وا بەئاسان دانانێت. ئەگەر ئەمە لەرووی سیاسەتی ناوخۆوە، بەڵام لە رووی دەرەوە، ئایا بوونی کۆندەلیز چ پەیامێک بۆ دونیا و ئەوانی تر ئەنێرێت. لە میانەی قسەکردنیا لە کۆنگریس رایس ووتی، ئێستا ساتی دیپلۆماسی هاتوە. هەر بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە لە پرۆفیسۆر نیلم پرسی(پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان) دەربارەی هەڵبژاردنی رایس بۆ ئەم پۆستە، بەلای ئەوەوە سەرەرای سیاسەتی ناوخۆی حیزب، رایس پەیامێک بۆ دونیا ئەنێرێ کە بەرێوبەرایەتی بۆش مەبەستیەتی، ئەویش، سووربوون لە سەر گەیشتن بە مەبەست، (رایس لە ژیانیا خۆی بەوە ناسراوە)، هەروەها رەنگی پێستی کە وەک پاول رەشە، لە گەڵ ئەوەشدا رایس بە سێ زمانی رووسی و فەرەنسی و ئیسپانی قسەئەکات.

رایس و کورد
رایس لەم چەند رۆژانەی پێشوودا بە سەردانێک بۆ وولاتانی ئەوروپاو رۆژهەلاتی ناوەراست یەکەم سەفەری خۆی وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەست پێکرد. سەفەرەکە بۆ زەمینە ئامادەکردن بوو بۆ ئەو سەفەرەی کە سەرۆک بۆش لە 21ی ئەم مانگە شوبات دەستی پێئەکات، کە تیایا لە برۆسلی پایتەختی بەلجیکاو بارەگای ئەوروپای ئەوروپای یەکگرتوو و ناتۆ، لە گەڵ سەرکردەکانی وولاتە ئەندامەکاندا کۆدەبێتەوە، لە نێویاندا جاک شیراک، کە رایس لە سەفەرەکەیا بۆ پاریس لە گەڵیا کۆبووەوە. ئەوەی شایانی باسە رایس پاریسی هەڵبژارد بۆ پێشکەشکردنی کۆرێک لەساینس پۆا، یان کۆلێژی زانستە سیاسیەکان. رایس لەو کۆرەدا پرسیاریان لێکرد بۆچی پاریسی هەڵبژارد بۆ کۆرەکەی ئەویش لەوەلاما ووتی؛ پاریس لە کۆنەوە بەوە ناسراوە کە هەردەم جێگای گفتوگۆو لێدوانە سیاسیەکان بووە، بەڵام ئەوە لە هەمانکاتا ناردنی پەیامێک بوو کەئەمریکا ئامادەیە لەگەڵ فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا گفتوگۆبکا. چونکە لە میانەی سەردانەکانیا بۆش لە یەکێتی ئەوروپا داوا ئەکات کە یارمەتی حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراق بدەن لە رووی ئابووری و لۆجستیەوە. عێراق بەلای ئەم بەرێوبەرایەتیەوە سەنگی مەحەکە. سەرکەوتن لە عێراق بە سەرکەوتن بۆ بۆش و ئیدارەکەی و خەونە شاعیرەکانی پارێزەرەنوێکان ئەژمێردرێت. لە عێراق کورد دەژی، ئایا دەبێ هەڵویستی کۆندەلیزە رایس بەرامبەر کورد چۆن بێت؟ رایس چەند جارێک رووبەروی پرسیارو داوا بوەتەوە بەرامبەر کێشەی کورد لە عێراق، کە هەڵوێستەکانی مایەی تێرامانە. کاتێک لە سەرەتاکانی هێرشکردنە سەر رژێمی

سەدام سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە واشنتون داوای لە رایس کە پەیمانبدات کورد لە بیر نەکات، رایس لەوەڵامدا ووتی، پەیمان ئەدەم کە لە بیریان نەکەم. بەڵام کاتێ کە چەند مانگێ پاش ئەوە دەربارەی دەرئەنجامەکانی ریفەراندۆم لێیان پرسی رایس لەوەڵامدا ووتی، لە سەر سەرکردە کوردەکان پێویستە کە جلەوی خەڵکەکانیان بگرنەدەست و بەرەو ئەو رێگایەیان بەرن کە واقیعیە. بەڵام لە میانەی ئەم سەردانەی دوایدا بۆ ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەراست، رایس سەردانی تورکیاشی کرد. لە میانەی سەردانەکەیا تەلەفزیونی کەناڵ دی تورکی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجامدا، هەر پاش بەخێرهاتنی میتهان دیمیر، پێشکەش کەری بەرمامە تەلەفزیونیەکە، یەکەم پرسیاری دەربارەی کورد و کەرکوک و هەڵوێستی ئەمریکا لێکرد. رایس لەوەڵاما ووتی، ئەمریکا هەردەم زۆر راشکاوانە ئەوەی راگەیاندوە کە عێراق دەبێ وەک ووڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە. عێراقێک کە تیایا هەموو لایەنەکان، تورکمان، کورد، شیعەو سونی (بە یەکدواهاتنەکە لەلایەن رایس-وەیە) پێکەوە بژین. لەهەمانکاتا کەرکوک دەبێ ببێتە شارێک کە هەموان بتوانن تیا بژین. کاتێ کە رۆژنامەنوسە تورکەکە لێی دەپرسێ، ئایا کەرکوک پێویستی بەوە نیە کە دۆخێکی تایبەتی هەبێ. رایس دەڵێ؛ ئەوە لەسەر عێراقیەکان خۆیان کەوتوە، لە ووڵاتە دیموکراتیەکەیانا چۆن کەرکوک بەرێوەبەرن. ئەم جۆرە وەڵام دانەوەیە بەلای تورک و حکومەتی تورکیاوە مایەی رازاییە. ئەوەی تورکیا لەراستیا دەیەوێ ئەوەیە کە ئەمریکا ئەو شتانە بڵێ کە تورکیا دەیەوێ و بەو کارانە هەستێ کە تورکیا داوای لێئەکات. ئەم شێوازە لە هەڵسوکەوت بە تایبەت بەرامبەر بە کورد لەو سەرچاوەوە روانگەی گرتوە کە دەبێ ئەمریکا بە هیچ شێوەیە گوێ بە کورد نەدات و هەردەم ئامادەبێت بیانکاتە قوربانیەکانی داخوازیەکانی تورکیا؛ چونکە تا ئێستا رەوتی مێژوو وەهابووە وە تورکیا بەکەم و بێبایەخ تەماشای کورد ئەکات وە لە هەمانکاتا چاوەروانی ئەوە ئەکات کەئەوانی تریش هەمان هەڵوێستیان هەبێ. لە هەمانکاتا رایس دەربارەی کێشەی پارتی کرێکاران (پەکەکە)ش دوا، کە تورکیا هەردەم بە بیانووی دائەنێ بۆ ئەوەی دەستوەردراتە ناوچەکەوە. سەرەرای هەموو ئەمانە رایس ئەوەی نەشاردەوە کە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەرۆغاندا جیاوازی زۆر هەیە. لەم چەند رۆژانەی پێشوودا لە بەرنامەی سی ئێن ئێن، لاری کینگ لایف، دۆناڵد رامسفێڵد وەزیری بەرگری ئەمریکا تورکیای بەخەتابار زانی لە بەرامبەر درێژەپێدانی شەری سونیەعەرەبەکان دژ بە حکومەتی عێراقی. رامسفێڵد ئەڵێ، رێگەنەدانی تورکیا بە بەکارهێنانی خاکەکەی کارێکی وەهای کرد کە بەعسی و سونیە عەرەبەکان لەو ناوچانەدا بە سەلامەتی بمێننەوە و پاشان درێژە بە کارە تیرۆرستەکانیان بدەن. رایس چاوەروان ناکرێ ئەوەندە لەوانی تری پێشینی جیاوازتربێت. ژنێکە دڵ رەق، تەنیا، هەردەم سورە لەسەر ئەنجام دانی پلانەکانی بە هەر نرخێک بێت. ژنێکە بە عەقڵی پیاوەوە، پێست رەشێکە بە ماسکێکی سپیەوە. فرانز فانون لە سەرەتای چاپتەری دووی کتێبەکەیا بەو ناوەوە دەڵێ، مرۆڤی رەش پێست دوو رەهەندی هەیە. یەکیان لەگەڵ هاوەڵە رەشەکانیا ئەویتریان لەگەڵ سپی پێستەکانا. نەرم و نیان و گوێرایەڵە بۆ سپی، رەق و بێبەزەییە بەرامبەر بە رەش. ئایا دەبێ رایس وەها نەبێ لە میانەی هەڵسوکەوتیا.

*هەرچەندە رایس چی دی لە کۆشکی سپی نەماوە بەڵام ئەو ناونیشانە بەمەبەستی ترەوە دانراوە.